*** ئاستی یاریی فوتسـاڵ چۆن دەبینی لە ئێستادا کە خولتان بۆ کراوەتەوە؟**

-لە ئێستادا ئاستی یاریی فوتساڵ ڕوو لە باش بوونە، لەم بڕوایەشم کە لەداهاتوو زیاتر بەرەو پێش دەچێت و یاریزانانی زیاتریش دروسـت دەبن.

*** ئەنجامنەدانـی پاڵەوانێتـی تا چەند دەبێتە هـۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بێگومان ئەنجام نەدانی یاری، وا دەکات کە یاریزانانی ئەم یارییە دووربکەونـەوە و بێ ئومێد بن لەم یارییە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دابەزینی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** بۆچی یانەکەی خۆت لە شاری کەرکووك جێهێشت؟**

- بەهۆی پشـتگیری نەکردنی یاریزان و پشتگوێ خستنیان، بۆیە منیـش بۆ بەرەوپێش چوون و بەدیهێنانی خەونەکانم رووم لە هەولێری پایتەخت کردووە تاکو پەرە بەم حەزەی خۆم بدەم وەکو یاریزانێك.

*** پێت باشـە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتسـال ئاستی بەرز بێتەوە؟**

-ئەگـەر بمانەوێ ئاسـتی ئـەم یارییە پێش بکەوێت، پێویسـتە قوتابخانەی پێگەیاندنـی یاریزانان بکرێتەوە بـۆ یاریزانانی تەمەن بچووك بۆ ئەوەی لـەم قوتابخانەدا بەهرەمەندەکان دەربکەون و کەل و پەلی پێویستیان بۆ دابین بکرێت.

*** گرفتی یارییەکانی فوتساڵ لە چی دەبینی؟**

- یەکێك لە گرفتە هەرە سـەرەکییەکانی یاریی فوتسـاڵ ئەوەیە کە تاکو ئێستا هیچ یانەیەك بەشـداری پاڵەوانێتیی دەرەوەی وڵاتی نەکردووە، ئـەوەش بۆ یاریزانان گرفتە، جگە لەوەش چەندین گرفتی



## سۆنیا مەحموود یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر

# بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم رووم لە هەولێری پایتەخت کردووە

**شـاری کەرکووك هەموو کات جێگەی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە لە هەر دوو ئاسـتی کوڕان و کچان و یانەکانی دەرەوەی شارەکە سوودیان لە توانای ڕۆڵەکانی ئەم شارە وەرگرتووە. یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ئەم شارە کچە یاریزانی تیپی فوتسـاڵی پێشـووی یانەی ئافرەتانی کەرکووك سۆنیا مەحموودە کە ئەمساڵ بە پێی ڕێککەوتنێك رووی لە یانەی ئافرەتانی هەولێر کردووە و کاپتنی یانەکەیە لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان و توانیویەتی لە یارییەکانی خولەکە ئاسـتێکی بەرز پێشـکەش بکات. سۆنیا کە لە دایکبووی سـاڵی ١٩٩١ی شاری کەرکووکە و قوتابیی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیشە، پێشووتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی کەیوان و ئافرەتانی کەرکووك و سۆلاڤی نوێ یاری کردووە، ئەمسـاڵیش هاتۆتە ریزی یانەی ئافرەتانی هەولێر، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

تریش هەیە کە پێویستە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، وەك: نەبوونی هۆڵی تایبەت و نەبوونی ڕاهێنەری ئافرەت، ئەمانە هەمووی گرفتی ئەم یارییەن.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ لە زۆربەی یانەکانی کوردستان و عێراق داواکراوم، بەڵام زۆربەیان تەنیا سەرزارەکی بوون، نەك بە شێوەی نووسراو بێت.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

- بەنیازم لە دوای تەواو کردنی کۆلێژی وەرزشی دوور بم لە یاری کردن، لە ئێستاشدا هیچ بڕیارێکم نەداوە بەڵام حەز دەکەم ببمە ڕاهێنەری کچان لە شاری کەرکووك و خزمەت بە شارەکەم بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-من وەکو یاریزانێك لەگەڵ ئەوە نیم کە یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانانی دەرەوەی عێراق ببەستن، چونکە ئێمەش هیچمان لەوان کەمتر نییە.

*** لە خێزانەکەت بە تەنیا تۆ وەرزشوانی، یان کەسانی تریش هەن کە وەرزش دەکەن؟**

-جگە لەخۆم برا گەورەکەشم وەرزشوانە و یاریزانی کیك بۆکسینگە، خانەوادەکەشمان بۆ وەرزشکردن پشتیگریمان دەکەن.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

-لە ئێستادا هیچ داواکارییەك قبووڵ نابێت، چونکە هەموومان ئاگاداری ئەو قەیرانەین کە دووچاری هەرێمی کوردستان بووە، بۆیە هیوادارم قەیرانەکان چارەسەر بن لە کوردستان و زیاتر گرنگی بە وەرزشوانان بدرێت.

*** چۆن بوو پێوەندیت بە یانەی ئافرەتانی هەولێرەوە کرد؟**

-بەڕێز ڕاهێنەری ئافرەتانی هەولێر داوای لێکردم بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم و سوود لە تواناکانی من ببینن لەم وەرزەی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان.

*** وەکو یاریزان خەونی وەرزشیت چییە ؟**

- خەونی من ئەوەیە کە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم، ببمە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی عێراق.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەڵێ داواکراوم.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوە بە چاوی خۆم ببینم کە وڵاتەکەم بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی گەورەی جیهانی بکات.

***بە کام یاریزانی جیهانی و ناوخۆ سەرسامیت؟**

- بە هەریەك لە یاریزانان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی و یونس مەحموودی یاریزانی شاری کەرکووك لە ئاستی کوردستانیش بە زۆربەی یاریزانان سەرسامم.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بەردەوام لە هەوڵی گرنگیدانە بە وەرزشی کچان و وەرزشی ناوخۆ، بەهیوای ئەوەین لە داهاتوو کاری باشتر بکەن.



# ڕیال مەدرید و پاریس سان جێرمان چاویان لە هازاردە

یاریزانی نێودەوڵەتی بەلژیکی و یانەی چێلسی ئینگلیزی ئیدین هازارد لەئامادەباشی دایە بۆ ئەوەی یانەکانی ریال مەدرید و پاریس سان جێرمان سوود لەتواناکانی وەربگرن لەئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو یاریزانە، چونکە لەرابردوو هەردوو یانە ئامادەییان نیشاندابوو بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ هازارد. لەمبارەیەوە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکانی بەریتانیا ئاماژەیان بۆئەوەکردوە پەیوەندی نێوان یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی چێلسی ئینگلیزی ئیدین هازارد لەگەڵ مۆرینهۆی ڕاهێنەر لەناجێگری و گرژی توند دایە ئەمیش بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ جێهێشتنی یانەکە لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری یانە گەورەکانی ئەوروپا چاویان لەو یاریزانەیە. لەلایەن خۆیەوە پێگەی دیڤنسا سنترال روونیکردۆتەوە یانەی ریال مەدرید رووبەڕووی رکابەرێکی سەخت بۆتەوە لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی هازارد ئەمیش یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسیە بە سەرۆکایەتی ناسر خلێفی. هەروەها پێگەی ناوبراو ئاماژەی بۆئەوەکردوە یانە پاریسیەکە ئامادەیە دەرگای گەنجینەکەی بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانەی چێلسی. بەپێی دوایین زانیاریەکانیش یانەی پاریس سان جێرمان ئامادەیە بڕی ١٠٤ملیۆن یۆرۆ بدات بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە لەگەڵ مووچەی ساڵانە بەبڕی ١٣ ملیۆن یۆرۆ. بەمەش لەئەگەری جێبەجێ کردنی ئەو گرێبەستە ئەوا هازارد دەبێتە گرانترین یاریزان لەجیهان و ئەستەمیشە ئەو بۆندە رەتبکاتەوە.





# کرۆیف: سوپاسی میدیا وەرزشیەکان دەکەم

یوهان کرۆیف، ئەستێرەی پێشووی هەلبژاردەی هۆڵەندا لە دوای پشکنینی پزیشکی بۆی دەرکەوت کە تووشی شێرپەنجەی ریخەلۆکە بووە. کرۆیف لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەوەی خستەڕوو کە: کاتێك هەواڵی تووش بوونم بە نەخۆشی شێرپەنجە بڵاوبۆوە میدیا وەرزشیەکان لە سەر ئاستی وڵاتاندا پشتگیریان لێکردم ئەوان بەو کارە جوانەیان وریان پێدام کە چۆن بەرەنگاری ئەو نەخۆشیە ببمەوە، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو دا کۆمەڵێك یانە و کەسایەتی تۆپی پێ لە رێگەی جۆراو جۆرەوە پشتگیریان لێکردومە سوپاسی هەر هەموویان دەکەم، هەروەها کرۆیف باس لەوە دەکات کە ئەو پشتگیریانە وایانکرد ئەو نەخۆشیە بەشتێکی ئاسایی وەربگرم، من بێ هیوا نیم، چونکە لە ژیانم دا ماوەی ساڵانێکی زۆر یاریزان و راهێنەر بوومە و لە ژیانمدا رۆژانێکی خۆش و ناخۆشم بە سەر بردوە.



# لام: داوام لە گواردیۆلا کردووە لە ریزەکانی یانەکەماندا بەردەوام بێت


یانەی بایرەن میونشن لەم وەرزەی خولی بۆندیس لیگا دا بە هۆی بوونی کۆمەڵێك ئەستێرەی بە توانا لە ژێر چاودێری پیپ گوواردیۆلا توانیویانە تواناکانی خۆیان بە یانە رکابەرەکانی بسەلمێنن. فلیپ لام کاپتنی یانە باڤاریەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: من حەز دەکەم گواردیۆلا لە ریزەکانی یانەکەماندا بەردەوام بێت، چونکە ئەو ڕاهێنەرێکی زیرەك و خاوەن کەسایەتێکی تایبەتە. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا کاپتنی یانە باڤاریەکە دووپاتیکردەوە کە لەگەڵ گواردیۆلا پێکەوە قسەمان کردوەو داوام لێکردوە ئەو لە ریزەکانی یانەکەماندا بەردەوام بێت، چونکە لە ئێستا دا ئێمە چاومان لە بردنەوەی نازناوی چامپیۆنز لیگە و بۆ ئەم مەبەستەش گشت هەوڵێکمان خستۆتە گەڕ و پێویستیشمان بەتواناکانی گواردیۆلای ڕاهێنەر هەیە تا ئەو دەستکەوتە لەم وەرزەدا بەدەست بێنین.



## ڕۆبرتۆ کارلۆس:

# حەزدەکەم وەک راهێنەر لە ئیسپانیا یان ئیتالیا کاربکەم

یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل رۆبرتۆ کارلۆس لەدیمانەیەکدا کە پێگەی (Globoesporte) بڵاویکردۆتەوە رایگەیاند حەزو ئارەزووی زۆری هەیە بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنانی یانەیەکی ئیسپانی یان ئیتالی بگرێتە ئەستۆ لەماوەی وەرزی ٢٠١٦-٢٠١٧. ڕۆبرتۆ کارلۆس لەئێستادا مەشق و ڕاهێنان بەیانەی دەلهی دینامۆزی هندی لەئەستۆ گرتووە و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی لەنیوەی یەکەمی ٢٠١٦ مەشقی تیپێکی بەرازیل وەربگرێت دواتر لاری نەبوونی پێ بدرێت لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپاوە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەیەکی ئەوروپی وەربگرێت.
هەر لەو دیمانەیەدا ئەو ئەستێرەی پێشووی بەرازیل ئاماژەی بۆئەوەکردوە یەکێك لەئامانجە گەورەکانی وەرگرتنی ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی بەرازیلە بۆ تۆپی پێ بەمەش دەکەوێتە ژێر بڕیار و فەرمانی یەکێتی تۆپی پێی وڵاتەکەی بۆ ئەم ئەرکە. سەبارەت بەوەرگرتنی بەرپرسیاریەتی مەشق و ڕاهێنانی هەڵبژاردەی سامپا کارلۆس دووپاتیکردەوە ئارەزوو ناکات شوێنی ڕاهێنەری ئێستای هەڵبژاردەکەی دۆنگا وەربگرێت، بەڵام دوای ئەوەی دۆنگا دەست بەرداری ئەو ئەرکەی بوو ئەوا ئەگەر پەیوەندی پێوە کرا بەخێراییەوە پێشوازی لەم داواکاریە دەکات.
شایەنی وتنە رۆبرتۆ کارلۆس وەك ڕاهێنەر لەگەڵ یانەی سیڤاس سپۆری تورکی پلەی پێنجەمی ریزبەندی بەدەست هێنا لە وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤ لەگەڵ وەرگرتنی نازناوی باشترین ڕاهێنەر لەساڵی رابردوو.



# دهۆک پشتی ڕاهێنەرە عەرەبەکەی بەرنادات

لەگەڵ ئەوەی سـەرەتای ئەم وەرزە دەسـتەی کارگێڕیی یانەی وەرزشـیی دهۆك گرێبەسـتی بە فەرمی لەگەڵ سائیر جەسامی ڕاهێنەری بە ڕەچەڵەك عەرەبی شـاری بەغدا مۆرکرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تیپی دهۆك بکات لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بەڵام لەگەڵ دەست بەرکاربوونی وەکو ڕاهێنەر لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولەکە تاکو ئێستا لە کۆی ئەنجامدانی حەفت یاری نەیتوانیوە هیچ ئەنجامێکی شایسـتە بۆ یانەی دهۆك بەدەست بهێنێت، جگە لە کۆکردنەوەی ٤خاڵ لە سەرجەم یارییەکان کە لە دوایین پلەکانی ڕیزبەندی کۆمەڵەکەی دێت. ئـەم ئەنجامە تا ڕادەیەك هاندەرانی وەرزشی یانەکەی نیگەران کردووە لە وەی کە تاکو ئێستا کارگێڕانی یانەکە پاڵپشتی ڕاهێنەرە عەرەبەکە دەکەن. لەبارەی دوورخستنەوەی ستافی ڕاهێنەرانیش محەمەد عەلی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشـی دهۆك بۆ گۆڤـاری گوڵان گوتی: «ئێمـە لە رووی یاریکردنەوە لە یارییەکانی ئەم وەرزە ئاسـتمان خراپ نەبووە، بەڵام وەکو ئەنجام ئێمە نەمانتوانیوە سـەرکەوتن بەدەست بهێنین، ئەوەش گرفتی بۆ ئێمە دروسـت کردووە و هاندەرانی تیپەکەمان تووشـی شـۆك بوون، ڕاهێنەریش هیچ گرفتێکی ئەوتـۆی نییە لەگەڵ تیپەکە، بەڵام ئاسـتی ژمارەیەك لە یاریزانانمان وەکو پێویست نییە بگرە بە پیشەگەرەکانیشەوە، بۆیە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئێمە بیر لە گۆڕانکاری دەکەینەوە لە ریزی یاریزانان و دەسـتەی ڕاهێنەرانیش بەردەوام دەبن، چەند یاریزانێکی پیشـەگەریش دووردەخەینەوە، لەم بڕوایەشـم ئاست و ئەنجامی تیپەکەمان گۆڕانکاری بەسەردابێت و زۆر باشتر بێت.»





### موەفەق یونس یاریدەدەری ڕاهێنەری هەولێر:

## دەستەی ڕاهێنەران کار لەسەر یاریزانە لاوەکانی تیپەکەی دەکات

## زاخۆ سوودی لە چیمەنی یاریگا تازەکەی نابینی

دوای ئـــەوەی قەیرانـــی دارایـــی ڕووی لە یانەکانـــی هەرێمی کوردســـــتان کرد، یانەکان زیاتر سیاســـەتی پشتبەستن بە یاریزانانی شارەکەیان پەیڕەو و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا، یانەی هەولێریش ئەمســـاڵ بە شـــێوازێکی تازە لە پاڵ دەستەیەکی ڕاهێنەرانی بەئەزموون ئەم کارەی تاقی کردەوە و توانی سەرکەوتنیش بەدەســـت بهێنێـــت، هاندەرانی یانەکەش بـــەم کارەی یانەی هەولێر دڵخۆش بوون. دەســـتەی ڕاهێنەرانی یانەکە بڕیاری ئەوەیان داوە کە کاری باشـــتر لە ســـەر یاریزانە لاوەکانی یانەکەیان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە چەند ســـاڵی داهاتوو ســـوودیان لێ ببینن، لە ئێستاشدا ئاســـتی یانەی هەولێر بە یاریزانانی کورد لە خولی نایابی یانەکانی عێراق زۆر باشـــە و باشتریش دەبێت. لە بارەی گرنگیدان بە یاریزانە لاوەکانـــی تیپەکەش موەفەق یونس یاریدەدەری ڕاهێنەری هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان لە وەرزی ئەمساڵ زۆر باشترە لە ساڵانی ڕابردوو، ئەمساڵیش جیاوازترە لە ساڵان و ئێمەش وەکـــو کوڕی یانەکـــە گەڕاوینەتەوە بۆ ئـــەوەی کاری باش بکەین وەکو دەســـتەی ڕاهێنەران بۆ خولی عێراقی، سەرکەوتووش دەبین و بەڵگەشـــمان ئەوەیە کە ئێستا لە یارییەکانی خولی عێراقی ئاستمان باشـــە و بەرەو پێشـــیش دەچێت»، لە بارەی ئەزموونی یاریزانانیش موەفەق گوتـــی: «هەندێك لە یاریزانان وەکو پێویســـت ئەزموونی خولی عێراقیان نییە، منیش وەکو ئەزمونی خۆم و چەندین ساڵە لەم یانەیە یاریزان بووم، دەتوانم ئامۆژگاری و ڕێنماییان بکەم و هەموو ئەزموونی خۆمیان پێشـــکەش دەکەم، هەوڵدەدەم گرنگیی تەواویش بە یاریزانانـــی کورد بدەین، چونکـــە یاریزانەکانی خۆمان هیچیان کەمتر نییە لە یاریزانانی دەرەوەی هەرێم، بگرە ئاســـتیان باشتریشە، نموونەشمان زۆرە چ لە سەردەمی زێڕینی ئێمە وەکو پشتیوان شبیب و محەمەد خۆشناو و سەلاحەدین سیامەند و چەندین یاریزانی دیکە، ئێســـتاش چەندین یاریزانی بەتوانامان هەیە وەك هەردی و کۆسرەت و میران و ســـەرهەنگ و دیار ڕەحمان و نیاز و زۆر یاریزانی تریش، بەڵام دەبێ خودی یاریزانەکانیش ئەو هیوایەیان هەبێت و خۆیان پێش بخەن. ســـائیر ئەحمەد ڕاهێنەری تازەی یانەکە متمانەی زۆری بە یاریزانانی کورد و بەتایبەتی بە لاوەکان هەیە، کاریان لەســـەر دەکات بۆ ئەوەی بۆ داهاتوو یاریزانانی باشـــیان لێ دەربچێت، لە ئێستاشدا ئێمـــە لە نێو کێبڕکێیەکانی خولـــی عێراقین و ئامانجمان ئەوەیە کە بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین لە خولەکە و تاکە گرفتی ئێمەش نەبوونی توانایەکی دارایی باشـــە، کە ئەوەش ئێستا گرفتی سەرجەم یانەکانی هەرێمی کوردستانە.»



دوای ئەوەی ئەمســـاڵ یانەی وەرزشـــی زاخۆ بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی یارییەکی دۆستانە لە نێوان هەردوو یانەی زاخۆ و هەڵبژاردەی عێراق ئەنجام دا، بەڵام لە دوای ئەم یارییە تاکو ئێستا ئەم یاریگا نێودەوڵەتییە هیچ یارییەکی فەرمی یانەی زاخۆی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەسەر ئەنجام نەدراوە و چیمەنی یاریگاکەش لە ناوچووە، هەر چەندە کە بڕی ٣٥٠هەزار دۆلاری تێدا سەرف کرابوو لەلایەن کۆمپانیایەکی تورکی کە گرەنتی دووساڵیشی لەگەڵ بووە، بەڵام لە ئێستادا سەرجەم چیمەنی یاریگا تازەکەی یانەی زاخۆ هەڵساوە و تیپەکەش هیچ مەشقێکی لەسەر ئەنجام نەداوە و یارییەکانی و مەشقەکانی لەسەر یاریگای دەلالی دووەمی یانەکەی ئەنجام دەدات، لەم بارەیەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە ئێمە تازە یاریگا نێودەوڵەتییەکەمان تەواو بووە و کارەکانی بە کۆتایی هاتووە، بەڵام چیمەنی یاریگاکە بەهۆی پلەی گەرمییەوە دووچاری لە ناوچوون هات کە لەلایەن کۆمپانیای گلۆبەل ســـپۆرتی عێراقییەوە سەرپەرشـــتی دەکرا و گرەنتی ماوەی دوو ساڵی لەگەڵ بووە، بـــەڵام لەم ماوەیـــەك چیمەنەکە بەرەو خراپبوون چووە، ئێمەش لە ڕێگای پارێزگای دهۆکەوە داومانە بە کۆمپانیای هیلال بیاشـــی تورکی بۆ ئەوەی لە ماوەی ٢٠ڕۆژ ســـەرجەم چیمەنی یاریگاکە چاك بکاتەوە، ئێمەش ســـوود لە یاریگاکەی خۆمان ببینین بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی خولی عێراقی». لە بارەی ئەو زیانەی بەر یانەکەش کەوتووە لە چیمەنی یاریگاکە، خەلیل گوتی: «ئێمە هیچ بڕە پارەیەك نادەین بۆ چیمەنی یاریگاکەمان، چونکە ئەوە گرێبەستی کۆمپانیایە و پێوەندی بە ئێمەوە نییە و دەبێت چیمەنەکەمان بەتەواوی بۆ چاك بکەنەوە.»